# بەیاننامەی ناڕەزایی ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوک ... ڕێکخـــــــراوی هاوکاری کەرکوک

بەرێـــــــزان
کۆمەڵانی خەلکی کوردستان، سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وحزب و ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکانی کوردستان، ئازادی خوازانی جیهان.

پێك هاتەی عێراقی ئەمرۆ، هەشتا ساڵ لەمەوبەر بەپێ ی ڕەوشی سیاسی ئەوڕۆژانە و بە ناخوازیاری گەلانی عێراق و کوردستان یەکخران، سەرئەنجام کۆمەڵێك پیاوکوژوو زاڵم لەمێژووی هەشتاساڵی حکومڕانی عێراق دەسەلاتیان گرت بەدەستەوە، هەموو بەهاجوانەکانی مافی مرۆڤیان پێشێل کردوو، عێراقیان کردە زیندانێکی گەورەو وخاکەکەشیان کردە گۆڕستان، بۆ ئازادی خوازان وبەتایبەتی کوردستانیان. گەلی کورد لەمێژووی عێراق دا بێجەگە لەماڵ وێرانی دەردەسەری و دەربەدەری و کۆمەڵکوژی و زیندانکردن و جینۆساید کردن هیچ بەشێکی تری بەرنەکەوت، خەباتی گەلەکەمان لەماوەی دروست بوونی عێراق دا، بێجگە لە خەباتی چەکداری، خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی شان بەشانی خەباتە چەکداریەکە درێژەی داوەو خوازیاری لایەنی گفتووگۆ و زمانی دیالۆك بووە بۆ گویشتن بەمافەکانی، بەلام دوژمنان و گەلانی سەردەستە، هیچ کات و ساتێك نەیان ویستووە و ناشیان ئەوێت، زمانی مۆدێرن و زمانی یاسا بەکاربهێنن، بۆیە خەباتی گەلەکەمان بەو هەموو ماڵ ویرانی و ڕۆژەسەختانەدا تێپەڕیووەو شۆڕشەکەشی پاش کەوتن و چۆك دادان، شۆڕشێکی تری هێناوەتە ئاراوەو، سەرئەنجام بەردەمامی و سوربوونی داخوازیەکانی گەلەکەمانی درێژە پێ داوە.

بەرێزان، لەپاش ڕوخاندنی کۆشك و تەلاری داروودەستە زاڵمە دیکتاتۆرەکەی بەغداد، لەلایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانەوە وبەپشتیوانی ڕاستەوخۆیی گەلی کوردو لایەن سیاسەکانی کوردستان، کورد چاوەڕێ ی کۆمەڵێك دەست کەوتی گرنگی دەکرت، لەوانەش بێ قەیدوو مەرج، ئەوناوچانەی کوردستان کە، داگیر کراون بگرێنەوە بۆ خاوەنەڕەسەنەکەی کەکوردە، کوردیش وەك گەلانی جیهان بەپێ ی بنما یاساییەکانی نێو نەتەوەییی، بەئاواتەکانی خۆیی بگات. سەرکردایەتی کورد زۆر بەهەستەوە، زۆر زانایانە، سوربوو لەسەر بەڵێنەکانیان کە پێش ڕوخاندنی سەدامی خوێن ڕێژ، دابویان بەئەمەریکاو هەم بەهێزە سیاسیەکانی تری عێراقی کەبەشێکی گرنگ و هەڵسوڕاوی دابینکردن و ڕاستکردنەوەی عێراقی داتەپیوو داڕماوبن و وەبنیاتنەری عێراقی نوێ بن، وە عێراقی نوێ دەستەبەرو جێبەجێکەری داخوازیەکانی گەلی کوردبێت، بەلام بەداخەوە ئەوە بۆ ماوەی دووساڵ و هەشت مانگ زیاترە، ئاسەواری سەدام و داروەستەکەی نەماوەو، دەسەلاتی نوێ لە عێراق دا حکوم ئەکات، کوردیش بەشێکی گرنگی ئەو حوکمەتەی عێراقی نوێ یەیە، کەچی تا ئێستا بەشێکی زۆری کوردستانی باشوور، لەژێر دەسەلاتی حوکمی بەغداد هەرماوە.

ئێمە وەك ڕێکخراوی هاوکاری کەرکووك، سورین لە سەر گەرانەوەی کەرکوك و ناوچەدابراوەکانی تر، وە بەپێ ی ڕێزلێنان وهەستکردن بە بنەمانیشتیمانی گرێبەستە سیاسیەکان لەنیوان کوردو هاوپەیمانەکان لەلایەك و کورد حزبەسیاسیەکانی تری عێراق، مادەی پەنجاوهەشت وەك چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی تری کوردستان

کەئێستا کێشەی لەسەرە دەزانین و دوالە هەمووڵایەك دەكەین، با زمانی دیالۆك بکەینە چارەسەری کێشەکان و جارێکی تر خوازیاری ماڵوێرانی نەبینەوە، کورد سورە لەسەر داخوازیەکانی و ئامادەی گیان بەخت کردنە لەسەر دوابستی خاکی کوردستان، هوژداری بەنەیارانی کورد دەدەینەوە، کەوەختی خۆیی لە یانزەی ئازاری ساڵی 1970 دا بارزانی نەمر لەسەرکەرکووك و ناوچەکانی تر زمانی چەکی بەرامبەر بەداگیرکەران بەکارهێنا، هەروەها لەگفتوگۆی ساڵی 1983دا بەهەمان شێوە کورد، پاش ئەوەی هەموو دەروازەکانی گفتووگۆ لەسەر داخرا، ماڵی کورد ڕووی کردە زمانی چەك.

بەڕێزان/

ئێمە وەك ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك، تێدەکۆشین لە ڕێی کۆمەڵێك کاری یاساییەوە، وەك سازکردنی شەقامی کوردی بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن و نامەی نارەزایی بۆ دام و دەزگاکانی بەرپرسانی عێراقی و جیهانی تا بتوانرێت بەزووترین کات حکومەتی عێراق دوابەندی مادەی پەنجاوهەشت جێبەجێ بکات، لەبەر ئەوەی چی تر کورد دانانیشێت و پەسەندی ناکات گەمە بەچارەنوسیەوەبکرێت.

بەڕێزان داخوازیەکانی ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك هیچ بەندێکی زیاتری ناوێت، کە زیاتر بێت لە
داخوازیە یاساییەکان و داواکاریەکانیشمان ئەمانەن.

1. دەبێت هەموو ئەو عەرەبانەی لەدوایی ساڵی 1957 وە هاتونەتە ئەم ناوچانە بەبێ قەیدوو مەرج دەرکرێن ڕەوانەی شوێنە کۆنەکەیان بکرێتەوە
2. گەڕانەوەی هەموو ئەوکوردانەی کە بەهەررەفتارێکی شۆڤێنیانەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان لە کەرکوك و ناوچەکانی تری کوردستان دەرکراون بگەڕێنرێنەوە شوێن زێدی باوو باپیرانیان و زیانەکانیشیان بۆبژێردرێتەوەو، ئەوکەسانەی جێگەو پێگەی ژیانیان نیە بۆیان دابین بکرێت.
3. گەڕانەوەی ئەوناوچانەی کەخراونەتە سەر پارێزگاکانی تری ناکوردی، وەك موسڵ و تکریت و دیالا، بێ قەیدوو مەرج بگرێنەوە سەر کوردستان وهەروەها ئەو شوێنە دابراوانەی کە خراونەتەسەر پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر بگەرێندرێنەوە سەرئیدارە کۆنەکەی خۆیی، کەئەمانە بەپێ سیاسەتێکی شۆڤێنیانە نەخشەی بۆدارێژرابوو بۆ نەمانی ئاسەوای کورد لەخاك و زمان و کلتوور.
4. هەوڵدان بۆ دابینکردنی بوودجەیەکی باش بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەموو ئەوناوچانە، تابتوانرێت لەڕووی جوانکاریەوە ئاسەواری تەعریب بەوناوچانەوە نەمێنێت.

بەڕێزان/

لە سەروەختی مەجلیسی حوکمدا بریاری مادەی پەنجاو هەشت دەرکرا، کورد پەسندی کرد، بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوك ئەوەی کورد داخوازی بوو لەو مادەدا هاتووە، وەبە پێنوسی تێکرای ئەندامان ژێرنووس کراوە، بۆ جێبەجێکردن، ئەوە دووحکومەت بەسەر ئەم بڕیارەدا، دەست بەکار بووەو لوجنەیەکیان بەسەرپەرشتی بەڕێز حەمید مەجید موسای سکرتێری گشتی حزبی شوعی عێراق بەبڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق کە لوجنەکە دەست بەکاربێت، ئەوە نزیکەی یەك ساڵەی ئەو لوجنەیە دەست بەکاربووە، بەڵام هیچ ئاسانکاریەکی بۆ نەکراوە، تەنانەت ڕێگریشی لەلایەن کەسانی حزبە بەشداربوەکانی نێو حکومەتەی جەعفەری هەیە، ئەوانەی کەدوێنێ میوانی سەرخوانی کورد بوون لە سەردەمی

ڕژێمی سەدامدا ئێستا بەهەمان ڕەچە ڕێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی مادەی پەنجاو هەشتا، دوا هەوڵ ئیبراهیم بەحرناعلووم بەبڕیارێك دەیەوێت هەموو ئەو خانوانەی ماڵە تعریبەکانی تیایە تاپۆ بکات لەسەریان لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك، کەئەمەش پێچەوانەی هەموو بڕگەکانی مادەی پەنجاوهەشتە، ڕێکخراوی هاوکاری کەرکوك نە ناڕازیە بەرامبەر ئەو بڕیارە بەڵکو سەرکۆنەشی دەکات و داوا لە سەرکردایەتی کورد ئەکات کە بەزمانێکی زبر لەگەڵ ئەو بڕیارانە بجولێنەوە، فێریان بکەن ڕێز لە ماندووبوونی چەند ساڵەی گەلەکەمان بگرن.

ڕێکخـــــــــراوی هاوکاری کەرکوك
ســـــــــویســـــــرا
21. نۆڤێمبەر. 2005
kuncrini@yahoo. de